دەستپاکی فەرمانی دەستگیرکردن بە بەرپرسێکی دیوانی پارێزگای واست دەرکرد

دەستەی دەستپاکی فیدڵاڵی ڕایگەیاند کە فەرمانی دەستگیرکردنی بە بڕیاربەری بەشی سامانی ئاو و دوو باجگر لەدیوانی پارێزگای واست دەرکردووە لەبەروەرگرتنی باج بەشوێنکی نایاسایی کەلەساڵی 2020دا چوار ملیار دینارییان لێخۆک سەندووە.

لە بەیاننامەیەکی دەستەی دەستپاکیدا هاتووە :- بە یاداشتنامەیەکی دادوەری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی سەربەدەستکە لەواست دوو تیمی کارکردنی پێکهێنا وێکڕای لە زانگۆی میسان/ کوت ئامادەبوو و ئەوی دیکەشیان چووە بەشی سامانکانی ئاو لەدیوانی پارێزگاکە، پاش بەدەستهێنانی زانیاری دەربارەی باجوەرگرتن بەدەرلەیاسای کارپێکراو، پاش لێکۆڵینەوەو پشکنین گەیشتنە ئەودەرئەنجامەی کە زانیارییکان ڕاست ودروستن ، بەیاننامەکە ئاماژەی بۆدا کە هەردوو تاوانبارەکە پسوولەی ژمارەی 38 یان بەیوە کە سەربە پارێزگای واستە و کەی ئەو پارانەی کە لەساڵی 2020 بەیویانە گەیشتووتە چوار ملیاردینار.

وتیشی تیمەکە توانیان دەستگیریان بکەن بەپێی مادەی 339 لەیاسای سزادان، ماددەکە باس لەوەدەکات کە بە زیندانیکردن سزادەدرێت کە لە حەوت ساڵ زیاترنەبێت بە هەرفەرمانبەرێک کە پابەند نەبێت بە خزمەتی گشتی و شتێک بە خۆی بقەزێتێوە کە شایستەی نەبێت.